**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٤١٢٨ لە ٢٠٢٤/٥/٢٠**

دوا بە دوای رێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەموارکراو بە رێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ ، و ئاماژە بە نووسـراومان ژمارە (١٠٥٧٣) لە ٢٠٢٤/٤/٢٦ و هەردوو نووسـراوی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (٣٢٧) لە ٢٠٢٣/٢/٢٣ و ژمارە (٥١٥٧) لە ٢٠٢٣/٧/٢٣ ،و نووسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٧٠١٩) لە ٢٠٢٣/٧/٢٧ و نووسـراوی بەرێوەبەرایەتی گشـتی هاتووچۆ ژمارە (٩٨٠٩) لە ٢٠٢٣/٦/٤ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی هەمواری دووەمی رێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

**رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری دووەمی رینمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە(٣)ی ساڵی٢٠٢٢**

**پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە خاوەن پێداویستتی تایبەت و کورتە باڵاو نابیستان**

**ماددەی (١):**

زیادکردنی دوو ماددە لە ژێر ژمارە (سـیانزدەیەم و چواردەیەم ) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٢٢ هەموارکراو و ماددەی (سـیانزدەیەم)ی رێنماییەکە دەبێتە ماددەی (پازدەیەم) بەم شـێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم: پیدانی مۆڵەتی شوفێری بە نابیستان :**

تەنها مۆڵەتی شوفێری جۆری تایبەت ساڵۆن B بە نابیستان دەدرێت کە لە بڕگەی (دووەم /١) لە ماددەی (چوارەم)ی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەموارکراو هاتووە.

**دووەم: پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا:**

پێدانی جۆری مۆڵەتی شـوفێری کە لە ماددەی چوارەم رێنمایی ژمارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٢٢ی هەموارکراو هاتووە دیاری دەکرێت بەپێی بڕیاری لیژنەیەکی تایبەت کە بەپێی ئەم ڕێنماییە پێک دەهێندرێت .

**سـێیەم:** دەبێت داواکار (خاوەن پێداویسـتی تایبەت و کورتە باڵاو نابیسـت ) بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شوفێری خولی ڕاهێنانی پراکتیکی و تیۆری ببینێت لە یەکێک لە نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری مۆڵەتدار و بە رەچاوکردنی دابینکردنی (مامۆستای ئاماژەکان) بۆنابیستان .

**چوارەم:** نووسـینگەکانی فێرکردنی شـوفێری ئۆتۆمبێلی کە راهێنانی پراکتیکی بۆ خاوەن پێداویسـتی تایبەت و کورتە باڵا و نابیست دەکەن پێویستە ئۆتۆمبێل بۆ ئەم مەبەستە دابین بکات .

**پێنجەم:**پێویسـتە ئەم مەرج و رێککارانەی خوارەوە بۆ پـێدانی مۆڵەتی بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە سەرەڕای ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی سێیەم ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەموارکراو هاتووە

١- چاپکردنی نیشـانە یان ئاماژەیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویسـتی تایبەت و کورتە باڵا و نابیسـتان لەسەر دیوی پشتەوەی مۆڵەتی شوفیرییەکە

٢- بەپێی باری خاوەن پێداویسـتی تایبەت و نابیسـت و کورتە باڵا، زیادەگۆڕانکاری بکرێت (تحویرات) یان شـوێنی دانانی ئەندامانی دەسـتکردی جەسـتە لە ئۆتۆمبێل کە ئەم زیادە گۆڕانکارییانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند دیاری دەکرێت و لە پشکنینی PVi دەربچێت.

٣- ئەگەر داواکـار تەنیـا لە تـاقیکردنەوەی ئۆتۆمبێـل لە جۆری (گێر ئۆتۆمـاتیـک) دەرچوو ئەوا ئەو نیشـــانەیەی کە لە جیهان کاری پێدەکرێت لەســـەر مۆڵەتەکەی چاپ دەکرێت کە (نابێت ئۆتۆمبێلی جۆری (گێر ئاسایی) لە ڕێگاکان لێبخوڕێت).

٤-باجێکی تایبەت بە خاوەن پێداویسـتی دروسـت دەکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند کە گشت زانیارییەکانی خاوەن پێداویستی تێدا دەنو سرێت بە وێنەیەکی کە سی و بەبێ بەرامبەر.

٥- چەسـپاندنی هەسـتەوەر (حسـاس) لە پێش و پشـتەوەی ئۆتۆمبێلەکە و بەسـتنەوەی بە داشـبولی ئۆتۆمبێلەکە لەپێش شوفێرەکە لە کاتی زۆر نزیکبوونەوەی ئۆتۆمبێلی دەوروبەری بە گڵۆپێک ئاگادار بکرێتەوە بۆ نابیستان

٦- هاووڵاتی خاوەن پێداویسـتی تایبەت و کورتە باڵاو نابیسـتانی نەخوێندەوار دەبێت خولێکی خوێندنیان بۆ بکرێتەوە لە قوتابخانە تایبەتمەندەکان .

**شەشەم:**

دیـاریکردنی کـاتێکی دیـاریکراو بۆ تـاقیکردنەوەی پراکتیکی و تیۆری لە گۆڕەپـانەکـان و هۆڵەکـانی تاقیکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**حەوتەم:** چەسـپاندنی لۆگۆیەکی تایبەت بە (خاوەن پێداوسـتی تایبەت یان نابیسـتان یان کورتە باڵا) لە جامی پێشـــەوە و پشـــتەوەی ئۆتۆمبیل بەپێی ســـتاندەرد بۆ ئەوەی شـــوفێر ئۆتۆمبیلەکانی دیکە لە شەقامەکان ئاگاداربن .

**ماددەی (١٤):**

پێویستە خاوەن پێداویستی تایبەت ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی هەبێت لەسەر ناوی خۆی تۆمارکراو و شیاو بێت بۆ جۆری پێداویستی تایبەتەکەی بەپێی ڕاپۆرتی پشکنینی مەرجەکانی سەلامەتی بۆ ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕینماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**